## یاسای لەکارخستنی بڕگە(٢)ی ماددەی (٣٧٧) لەیاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٩**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

### یاسای ژمارە( ٩)ی ساڵی (٢٠٠١)
### لەکارخستنی بڕگە(٢)ی ماددەی (٣٧٧) لەیاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩

**ماددەی یەکەم:**

بڕگە(٢)ی ماددەی(٣٧٧)لە یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی١٩٦٩، لە کوردستاندا لەکار دەخرێ.

**ماددەی دووەم:**

مێردی داوێن پیس(الزاني) وئەو ئافرەتەش کە داوێن پیسییەکەی لەگەڵدا کردووە، هەر بەو سزایە حوکم دەدرێن کە لە بڕگە(١)ی ماددەی(٣٧٧)ی

یاسای سزاکانی ژماره(۱۱۱)ی هەموارکراوی ساڵی (۱۹٦۹)دا هاتووە.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**